# زەمەنی كوژراو, نامۆیی
# له شیعری جەمال غەمباردا



**ئارامی حەمەی مینە  خوێندكاری دكتۆرا**

جەمال غەمبار وەك دەنگێكی شیعری ناوازەی دەیەی هەشتاكان, سالآنێكی دوور و درێژە بەخاچی شیعرەوە لە پانتایی ئەدەبی ئێمەدا دێت و دەچێت. ئەم دەنگە شیعرییە هەر زوو خەسلەت و ئەدگارە تایبەتییەكانی شیعری خۆی لەناو جوگرافیای شیعری كوردیدا لەوانی تر جیادەكاتەوە و بەستایلی تایبەتی خۆی, خۆی بەخوێنەرانی شیعر ئاشنا دەكات, گرنگترین پنتێك كە لێرەدا ئاماژەی بۆ بكەین ئەوەیە ئەم شاعیرە لەناو هەراو زەنای شیعری سەردەمەكەی خۆیدا بەپێچەوانەی ریتمی باوی سەردەمەكەی خۆیەوە لەبری ئەوەی بچێتە ناو ئەو فەزا سیاسییەوە كە شیعری كوردی لەو سەروبەندەدا ناچار كردبوو ببێتە بەشێك لە مینبەری گوتارەكەی بۆ جۆشدان و خرۆشانی جەماوەر لە رِێگەی شیعری بەرگرییەوە, ئەم شاعیرە سۆفی ئاسا لەكونجی تەنیاییەكانی خۆیدا بەشێوازێكی تر دێت و بەشداری لەو پرۆسەیەدا دەكات. غەمبار نایەت وەك زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی شیعر بترنجێنێتە ناو دروشمی سیاسییەوە, هەروەك چۆن نایەت خۆشباوەرِیمان بە موژدەكانی سیاسەت لەلا بكاتە یەقین. بەڵكو ئەو بە بەرجەستەكردنی دیوێكی دیكەی میحنەتەكانی ئینسان ئاشنامان دەكات, ئەو حیكایەتە كوژراوانەمان بۆ دەگێرِێتەوە كە ئینسان لەدرێژەی سەفەری خۆیدا لەم خەراباتەی وجوددا وەك بەردەكەی سەر كۆڵی سیزیف لە یەخەی نابنەوە. نیشاندانی ئازار و خەمەكانی مرۆڤ كە سەراپای نەخشەی شیعری ئەم

شاعیرەی تەنیوە, زۆرجار خوێنەر واداری پرسیاری گەورە دەکات لە بوون, لە ژیان و ئاکامەکانی. هاوکات مرۆڤ بانگهێشتی ئاشتبوونەوە دەکات لەگەڵ خودی خۆیدا, ئەگەر نەوەی هەشتاکانی شیعری کوردی لەزۆر باردا بانگهێشتی کردنی خەڵکی بۆ سەر خوانی سیاسەت کردبێتە ستراتیجی گوتاری خۆی, ئەوا غەمبار ڕێك بە پێچەوانەوە, خەمی نوسینەوەی تەنیاییەکانی مرۆڤ و گریان و دڵشکانەکانی دەکاتە هەوێنی نوسینە شیعرییەکانی جەمال ی ئینسان, جەمالیەتی شیعر دەکاتە تابوتی نیشاندانی مەینەتییەکانی ئینسان, گەڕانی ئەم شاعیرە پتر لە زیکر و عیبادەتی سۆفییەك دەچێ لە کونجی خانەقا و خەڵوەتێکدا, هەرچۆن زاهید و عابید لە کونجی خەڵوەتی خۆیدا بۆ عەشقی پیرەکەی دواجار زیکری خواناسانەی لەبۆتەی " فەنا فیلا"دا بەدیار زیکر و تەهلیلە و هەڵرشتنی بەخوڕی گریان و فرمێسکەوە لە دووری مەعشوقەکەی دەتلێتەوە... هەر بەو شێوەیەش غەمبار دێت و لەکونجی تەنیایی خۆیەوە تێر تێر بۆ خەمی یار, هاوڕێ, نیشتیمان, دواجاریش بۆ داروبەرد و کوچە و کۆڵان و شەقام و باخچەکان دەگری, ئەگەر گریانی زاهیدێك لە کونجی خانەقادا و بە تەنیابێت, ئەوا ئەم ئیحساسە جوانەی جەمال بەبەرچاوی کامێراکانەوە بەخوڕ بۆ خۆی, بۆ من, بۆ تۆ, بۆ هەموومان دەگری.

بێگومان قسەکردن لەسەر ئەزمونی ئەم شاعیرە کە زیاتر لە دوو دەهەیە خوڕەی دێت و کەندوکۆسپەکان ناناسێ و هەر هاژەی دێت و ڕێك وەك ئەو رایەی "سۆزان بەرنار"ە کاتێك دەڵێ " شیعری نوێ رووبارە, خۆی ڕێرەوی خۆی دیاری دەکات" ئا بەو چەشنە روباری ئەم دەنگە بەپیتە هاژەی دێت و ناوەستێ, ئەزمونی شیعری غەمبار دەهێنێ زۆرتر و هەمەلایەنە تر قسەی لەبارەوە بکرێت, ئەم ئەزمونە ئەزمونێکە لەگەڵێك ڕەهەندەوە شایەنی بەسەر کردنەوەیە. تێکستە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە لەبنەرەتدا هەڵگری زۆر دەلالەتی فەلسەفین و خوێنەر کاتێك لەبەردەم دەقێکی غەمبار دا خۆی دەبینێتەوە گەر بە وردی رۆبچێتە ناو قولآیی دالەکانەوە بۆی دەردەکەوێت ئەزمونی شیعری ئەم شاعیرە لە ئەزمونی عاریفێکی حەق بین دەچێ... ئەگەرچی تێکستەکانی غەمبار بەهیچ شێوەیەك مرۆڤ بەرەو هەرێمەکانی ئایین و سیۆلۆجیا ئاراستە ناکەن, بەڵام لەجەوهەردا لەرووی ستراتیجەوە دەتوانین ئەو نزیکایەتییە بخەینە بەردەست, بەجیاوازی ئەوەی تێکستی سۆفییەکان مرۆڤ بۆ گەرانەوە بۆ لای زاتی کردگار ڕێنوێنی دەکەن, لە دەقی "غەمبار" یشدا مرۆڤ بەرەو رامان و وردبوونەوە لەخۆی لە گەردوون و لەبوون ئاراستە دەکرێت, ئەگەر لەگوتاری دینی بەشێوەیەك لەشێوەکان وا لەمرۆڤ بکەن هەمیشە چاو لەئاسمان بێت, ئەوا غەمبار لە تێکستەکانیدا پێمان دەڵێ هەمیشە روو لەخۆمان و ناوەوەی خۆمان بین. ئەم ڕەهەندەش لەشیعری غەمبار دا ئەگەر نەڵێم لەخەرمانی شیعری نوێی ئێمەدا بێوێنەیە, ئەوا لانی کەم

دەگمەن و کەم وێنەیە... ئەوەی لەم نوسینەدا دەمەوێ جەختی بخەمە سەر هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئیغتراب "نامۆیی" و فاکتەرەکانی, لەهەرسێ قەسیدەی " باهەمیشە لەوێ بین لای عیشق, مردن لەناو هەنارێکدا, پێش ئەوەی ژیان لەپەنجەرەی تەنیایمەوە بکەوێتە خوارێ"یە, کەلە نامیلکەیەکی شیعریدا بەناوی "هەمیشە با لەوێ بین لای عیشق" لەسلێمانی ساڵی 2004 بلاوکراوەتەوە. هەرچەندە دەتوانم بەهۆی ئەزمونێك کە من لەگەڵ دەقی "جەمال غەمبار"دا هەمە دەتوانم ئەو راستییە بخەمە روو کە نامۆیی بە زۆر فۆرم و شکڵ و شێوازەوە لە ئەزمومی شیعری ئەم شاعیرەدا هەستی پێدەکرێت و بەئاشکرا خۆی نمایش دەکات, بەداخەوە لەم نوسینەدا ناتوانرێ سەرجەمی بەرهەم و ئەزمونی ئەم زاتە و گەڕان بەدوای ئیغتراب و نامۆییدا لە ئەزمونی شیعری غەمبار دا بەسەر بکەینەوە, ئەوەیان تواناو دەرفەتێکی تری پێویستە.

لەو سێ قەسیدەی سەرەوە ئاماژەمان پێدا ڕەنگە بتوانرێ چەند جۆرێکی تریش لە ئیغتراب بدۆزرێتەوە, بەلاّم ئاشکراترین و نمایانترین جۆری نامۆیی لەم قەسیدانەدا نامۆییە لە زەمەن. ئەگەرچی لەم دەقانەدا زەمەنی تاك وەك بکەری دەق و زەمەنی کۆ وەك نەتەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان تێك دەرژێنە ناو یەك و بەیەکتر تێکەڵ دەبنەوە کە زۆر جاران سنورەکانی نێوان ئەم دوو زەمەنە بەشێوەیەك کاڵ دەبنەوە کە ناسینەوە و لێك جیاکردنەوەیان ئەستەمە, وەك دواتر روونی دەکەینەوە بکەری دەق لەمێژووی نەتەوەیەکەوە دەچێتەوە ناو مێژووی خۆیەوە وەك تاك و تێکەڵکردنی ئەو دوو زەمەن و مێژووەش بە یەك لەوێدا مەیسەر دەبێ کە رەگ و ریشەی ئازارەکانی بکەری دەق لەناو ئازارەکانی مێژوو و زەمەنی نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێ, ئەم دوو زەمەنەش گەرچی لێك جیاوازن بەلاّم یەك تەواوکەری ئەوی تریانە. "غەمبار" کە خەم و کۆڕانی خۆی بەیان دەکات لە ئاستی نەوتراویشدا ئاماژەگەلێك بۆ ئازارێکی کەڵەگەتتر , بۆ تراژیدیایەکی گەورەتر و بۆ حەسرەتێکی قوڵتر دەخاتە بەردەست, کە تراژیدیاکانی ناو مێژووی نەتەوەکەی خۆیەتی. ئەم ئازارو تراژیدیا و حەسرەتانەش لە رۆحی شاعیردا کلپەیەك دادەگیرسێنن دواجار دەبنە فاکتەری سەرهەڵدانی جۆرێك لە نامۆیی, کە بەپێی پسپۆران و شارەزایانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی نامۆییە لە کات "زەمەن", نامۆیی لە زەمەن وەك دواتر روونی دەکەینەوە بەرهەمی دابڕانی مرۆڤە لە زەمەنی راستەقینەی خۆی, بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ دەکاتە کۆیلە و ملکەچی ئایین, حیزب, ئایدۆلۆژیا, دابونەریت, کۆمەڵگا و گروپە جیاوازەکان, خێزان, بەها رەوشتییەکان...هتد. لەم دۆخەدا کە تاك ناچارە بۆ ئەوەی نەکەوێتە پەراوێزی ژیانەوە دەبێتە ملکەچ و کۆیلەی ئەو بەها و نۆرمە کۆمەلاّیەتی و ئایینی و سیاسییانە, هەرچەندە ئەو فاکتەرانە

هەریەکەیان بەجیا بۆ خۆیان دەتوانن ببنە فاکتەری سەرهەڵدانی جۆرێکی تایبەتی لە ئیغتراب لەژ یانی تاکدا, بەڵام ئەوەی لەم دۆخەدا گرنگە و پێو یستە ئاماژەی پێبدرێت دابڕانی تاکە لەزەمەنی حەقیقیی ڕاستەقینەی خۆی و ئەو هەلومەرجەیە کە تیایدا فاسیلەیەك دەکەوێتە نیوان مەیل و خواست و ئارەزووە فەردییەکانی تاك و تاك خۆیەوە،گەر بەزمانی "فرۆید"یش قسە بکەین ئەوا بەرهەمی ئەودۆخە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییە کەتیایدا تاك دەکەوێتە نیوان(منی باڵا–انا العلیا) و (ئەو – هو ) لەو ململانێیەشدا بێگومان تاك ناچارە پەیرەوی لەنۆرم و بەها ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بکات و دەستبەرداری ویست و ئارەزووەکان بێت. بۆیە دەتوانیت لەحزەی دەستبەرداربوونی تاك لەمەیل و ئارەزووە فەردییەکان خۆی وەك تاك بەلەحزەی دەستبەرداربوون لەزەمەنی خۆی ناوزەدبکەین، هەربەم پێیەش کاتێك مرۆڤ دەستبەرداری زەمەنە ڕاستەقینەکانی خۆی دەبێت ئەوا لەهەمانکاتدا نامۆشە بەو زەمەنەی کە بەناچاری بۆدرێژەدان بەخۆی وەك بونەوەرێکی کویلە و ملکەچ قبوڵی دەکات..

شیعری غەمبار کە زۆرجاران لەو بەردە دەچێ کە گۆمی وەستاوی حەقیقەتە باوو ساختەکان دەشڵەقێنێ. زۆرجاران بە نیشاندانی ناوەوەی ئینسان و وێنە گرتنی خەم و ئێش و ئازارەکانی, نیشاندانی تراژیدیاکانی مرۆڤ وەکو تاك دەخاتە ڕوو, ئەگەرچی ئەم خستنە ڕوو نمایشکردنانە لەپێناو هیچ مەرامێکی دیکەدا نییە جگە لەوەی ئەم پەیامە پێمان دەڵێ لەدنیای مۆدێرن و شۆڕشی زانیاری و ئینتەرنییت دا . لەپەنا دروشمە ڕەنگاورەنگەکانی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و دیموکراسیی و مافی مرۆڤ دا ئینسان لەناوەوە زۆر لەوە وێرانتر و داوەشاوترە کە باس دەکرێت, نمایشکردنی ناوەوەی مرۆڤ و نیشاندانی ئێش و ئازارەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان لە ستراتیژیەتی ئەم دەقانەدا ڕەنگی گرتووە, گەر بەزمانی ئاخاوتن ئەو کۆد و شفرانەی دەقەکانی غەمبار لێکبدەینەوە ئەوا هاواری غەمبار هاوارێکە لە پێناو فریاکەوتنی ئینسان و رزگارکردنیەتی لەو قەیرانە ڕۆحیە کوشندانە کە مرۆڤی هاوچەرخ بەگشتی و تاکی کورد بەتایبەت گیرۆدەیان بووە..

ئەم شاعیرە دڵ بلورینە کە بە ڕاناوی یەکەمی قسەکەریش لە دەقەکانیدا خۆی نمایش دەکات ئەوا لەزۆر باردا ئەو "من"ە تەنیا "من"ی بکەری دەق نییە, بەڵکو قسەکردنە لەسەر خەمی "کۆ", لەسەر زام و ئازارەکانی هەموومان بەجیاوازی تێڕوانین و ئینتیما و ڕەنگ و ئایینەوە.. ئەگەرچی بونیاتی قەسیدەکان و زمانی نوسینیان, زمانێکە شەرحی دەردی فیراق و دووری و دڵشکانەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەڵام دواجار ئەم ئەنانیەتەی شاعیر تێکەڵ دەبێتەوە بە کۆژانی نەتەوەیەك کە لە مێژوودا هەنجن هەنجن کراوە.. بێگومان ئەم حاڵەتەش کە دەتوانین بە کوژرانی نەتەوە لە مێژوودا ناوزەدی

بکەین, کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر سایکۆلۆژیەتی شاعیر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت. هەر ئەو کۆست و کارەسات و تراژیدیایانەیە دواجار وا لە غەمبار دەکات هەمیشە هەڵبێت لە زەمەن و لە گەردشێکی هەمیشەییدا بێت, ئەم شاعیرە کە لە نیشتیمان و زادگای خۆشیدا بوو هەمیشە تارمایی جۆرێك لە نامۆیی بەسەر فەزای شیعرەکانییەوە هەستی پێکراوە. زەمەن لە شیعری غەمبار دا زەمەنێکی کوژراوە, زەمەنێکە لە تارمایی باوکی "هاملێت" دەچێت و بەردەوام بەرۆکی غەمبار دەگرێت. ئەگەر "هاملێت" عەودالی دۆزینەوەی و سەرگەرمی دۆزینەوەی زەمەنی خۆی بوبێ لە دراماکەدا, ئەوا ڕێك بە پێچەوانەوە " غەمبار" لە زەمەن هەڵدێت و ئەو زەمەنەی شاعیر تیایدا دەژی زەمەنی خۆی نییە, بەڵکو زەمەنێکی ساختەیە:

هەی ناری چی!

ئەبوو هەر ئەو کاتە بمرم کە بلوری دڵمیان شکاند

ئەبوو هەر ئەو کاتە بڕژێم

کە ئیتر باڵکۆنێك نەما بەسەر دەریادا بڕوانێ

کە ئیتر شەقامێك نەما تەمەن پیاسەی تێدا بکات...

بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو کە ڕاکردنی "غەمبار" لە زەمەن یان بەواتایەکی ساکارتر نامۆیی لە زەمەن لە شیعری "غەمبار"دا ڕاکردنێکە لە هۆشیاری و ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت, هەرچۆن دەکرێ دۆزینەوەی زەمەن بەلای "هاملێت"یشەوە بەجۆرێك لە وەهم و پەرێشانی دەروونی لێك بدەینەوە... غەمبار دەزانێ لەم تونێلی عومرەدا ئەمی ماندوو لەم هاتوچونەی وجوددا جگە لەوەی مێژوو دڵڕەقانە فرێی دەداتە دەرەوەی خۆیەوە, شتێکی دیکەی پێنەبەخشیوە, هەر ئەم فاکتەرە مێژووەشە وادەکات دواجار "غەمبار" دیدێکی گەشبینانەی نەبێت بۆ زەمەن و فریوی ئەو موژدانە نەخوات کە خۆشباوەڕی دەکەنە یەقین, ڕاشکاوانە پێمان دەڵێ کە ئەم زەمەنە زەمەنی ئەوی شاعیر نییە, ئەو پێی وایە کوڕی سەدە و زەمەنێکە کە عیشق ڕایەڵی پەیوەندییەکانە, زەمەنێك ڕەنگە لە یادەوەری شاعیردا و وێناکردنیدا ساڵگارێکی بەسەرچوو, یان دەشێ سەدەکانی داهاتوو مرۆڤ ببەنەوە بۆ ژێر ساباتەکانی عیشق و موحیبەت, گەر ئەو وێناکردنە شیعرییەش ڕیالیزە کرا ئەوا مومکینە شاعیر زەمەنی خۆی بدۆزێتەوە:

ئەبوو بەر لەناسینی تۆ بمرم

یان سەدەیەکی تر لەدایك ببم

بێگومان ئەم قەرەبوو کردنەوە و مەیسەر بوونەش مەگەر تەنها لە جوگرافیای خەیاڵ, لەپانتایی شیعرێکدا مومکین بێت. گەر بە وردی سەرنجی بونیاتی شیعرەکە و مەدلولەکانی بدەین لە ئاستی نەوتراودا ئەوا دانپێدانانێکی راستگۆیانەی شاعیرە دەربارەی زەمەنی حەقیقی خۆی کە دواجار ئەم هۆشیاری و دەرك پێکردنە دەبێتە حزورێکی هەمیشەیی لەژیان و دەقی شاعیردا.

مرۆڤ لە ژیانیدا ڕەنگە سەدان مانگ و بە دەیان ساڵ بژێت, بەڵام لەو مەسافەیەدا لەحزە حەقیقیەکانی مرۆڤ دەگمەنن, هەموو تەمەن مەودای زەمەنی حەقیقی مرۆڤەکان نییە, هەرچەندە ئەم تێڕوانینە ڕێژەییە ولەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بەڵام دواجار زەمەنی حەقیقی مرۆڤەکان زۆر دەگمەنن, بەڵام لەرووی رۆحییەوە گەورە و پر بایەخن. دەکرێت لە شەوێکی عاشقانەی نێوان دوو دڵدار کە تیایدا بەخواست و ویستی خۆیان و دوور لەهەر ترس و نیگەرانی و سانسۆرێك ئەرزشی دەیان ساڵی تەمەنی هەبێت بەنیسبەت هەر یەکێکیانەوە. بۆیە لە رووی سایکۆلۆژییەوە دەتوانین ئەو راستییە بخەینە بەردەست کە باقی تەمەنی هەریەکێك لەو دووانە ژیانە بۆ ئەوانی تر, بەخواستی ئەوانی ترو زەمەن لە ژیان و بونیاندا ساختە و موزەیەف بێت. کەواتە گەر مرۆڤ بە کامی خۆیی و بە ئارەزووی خۆی نەیتوانی زەمەن رام بکات و تەحقیقی ئارەزووەکانی خۆی بکات تیایدا, ئەوا دەبێت چاوەروانی ئەوە بین کە جۆرێك لە نامۆیی کە نامۆییە لە کات "زەمەن" لەلای تاك سەرهەڵبدات, سەرهەڵدانی ئەم حاڵەتەش بەلای کەسانێکەوە کە لە ئاستی باڵاتری رۆشنبیری و هۆشیاریدان قوڵتر و دژوارترە. بێگومان لە دوای سەرهەڵدانی شۆرشی زانیاری و لە سەردەمێکدا کە جیهان لەژێر هەژموونی تەکنۆلۆجیادا بووەتە "گوندێکی بچوك" و مرۆڤ و کەسایەتییەکەی لەهەرکاتێك زیاتر کەوتونەتە بەر هەرەشەی بە ئامێربوون. گەر جاران مرۆڤ سەروەر و هەڵسورێنەری ئامێرەکان بوبێت. ئەوا لەپاش شۆرشی پیشەسازییەوە مرۆڤ بووەتە پاشکۆی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و وەك "مارکس"یش جەختی لەسەر کردۆتەوە مرۆڤ نەك بووەتە ملکەچ و کۆیلەی ئامرازەکان, بەڵکو بووەتە کۆیلەی بەرهەمەکانی دەستی خۆیشی, ئەم زەنگە خەتەرناکە کە مارکس لەژیانی کرێکاردا و دواتریش "ئەریك فرۆم" لەبارەی قەیرانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخەوە لێیاندا, باس لە سەرهەڵدانی زەمەنێك دەکەن کە مرۆڤ و کەسایەتییەکەی سەخت دەکەونە بەر مەترسییەکانی رژێمە ئابوری و سەرمایەدارییەکان, هەرچەندە "فرۆم" پێی وابوو کە لەرێگەی بەرقەرارکردنی چەند رایەڵێکی وەك دۆستایەتی و هاوکاری و بەتەنگەوە هاتن لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی تەندروستدا و لەژێر سایەی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا دەکرێت زاڵ بین بەسەر نامۆییدا لە ژیانی تاکدا, بەڵام ئەوەی جێگەی قسە لەسەرکردن و پرسیارە لەم تێزەی "فرۆم"دا ئەوەیە پێمان ناڵێ لە

زەرفیەتێکدا کە سەرمایەداری و کێبرکێی مۆدیلات و کەمالیەتی ژیان لەوپەری برەوی خۆیدایە و مرۆڤیش وەك کائینێکی مۆنۆپۆڵخواز بۆ مۆنۆپۆڵکردنی هەرچی زیاتری سروشت و ژیان، چۆن چۆنی ئەم کۆمەڵگا تەندروست و ئەم فەزا کۆمەڵایەتییە تەندروستە فەراهەم دەبێت؟، ئەگەرچی ئەوەی( فرۆم ) لەو تێزەو چەندان وتاری دیکەدا مەترەحی کردووە ریگا چارەی باشن بۆ سەرکەوتن بەسەر دیاردەی نامۆیدا لەژیانی مرۆڤدا، بەلاّم کێشەکە لەوەدایە ژیانی هاوچەرخ دەرفەتی ئەوەی بڕیوە کە ئەم ئەڵتەرناتیڤانە پراکتیزە بکەین لەژیانی تاکدا...

بۆیە ئەوەی ئێمە دەیبینین لەژیانی تاکدا شتێکە تەواو جیاواز لەوەی وێنای دەکەین،شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆجیاو گلۆبالیزەیشن و دیموکراسی و مافی مرۆڤ، چەندەها دروشمی دیکە نەیانتوانی ئەو خەمە لەڕۆحی تاك دابماڵن و لەگۆشە گیری و دورەپەرێزی و خۆکوشتن پەشیمانی بکەنەوە. هەموو ئەم حاڵەتانەش پرۆتستۆکردنی ژیانن و (نە )یکن لەبەرامبەر ژیاندا.... کاتێك مرۆڤ نەیتوانی یان بۆی نەلوا زەمەنی خۆی بژی، هەرچیەك بێت خۆی نیەو گەر بشێ لەزاری ( غەمبار )ـەوە ئەم دێرە بخوازین ئەوا دەلێین (تەمەنی لەدەروەی ژیان هەڵخستوە...). بۆیە زیادەڕەوی ناکەین گەر بلێین زەمەن لەژیانی غەمباردا زۆر جاران کابوسێکە تارمایی نەك هەر بەسەردەقەکانی شاعیرەوە تارادەیەکی ئێجگار زۆر هەستپێدەکرێت بەڵکو بەسەر سلوکی رۆژانەی شاعیریشەوە هەست پێکراوە. تەنیایی، گریان، غەریبی، مردن،ئەلوەدا، هەموو ئەم دەستەواژەو دالانە کەلەدەقی غەمباردا ئامادەگی هەمیشەییان هەیە مەدلولی تایەبەتی خۆیان هەیە وگەر لەروی سایکۆلۆجیشەوە لەم دال و مەدلولانە بڕوانین ئەوا هەست بەو فەزا سایکۆلۆجییە دژوارە دەکەین کە غەمبارمان چ وەك بکەری دەق و چ وەك خودی دەق بۆ بەرجەستە دەکات.:

ئاخر... ئێوە نامبینن میناکانی سەبرم چۆن دەشکێن

لەم چۆڵەوانی ڕۆحەدا

غەریبی چۆن منی کردۆتە گۆرانی و

ئاگری چریکەی تێبەرداوم!

تەنیایی کە ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێ لەبونیادی ئەم دەقەدا و وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دەکرێ لەڕوی سایکۆلۆجیەوە بەدوای مەدلولی دیکەدا بگەڕێین لەناو(دالی)تەنیایدا، تەنیایی لەئاستی وتراو نەوتراودا ڕەهەندی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت لەم دەقەداو شاعیر دەیەوێ ئەو حەسرەتە مێژووییەی ناو مێژووی نەتەوەیەکی تەنیاو بێکەس و بێفریادڕەسمان لەقەدەری ئینسانێکدا بۆ بەرجەستە بکات،

بەواتایەکی تر تەنیایی لەفەزای ئەم قەسیدەیەدا تەنیا حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی ئەبستراکت نیە پەیوەست بە بکەری دەقەوە، بەڵکو تەنیایی دالێکە لەم ئاستەدا بارگاوی کراوە بەزۆر مەدلولی مێژوویی، رامیاری، کەلتوری، نەتەوەیی...هتد. کورد لەمێژوودا نەتەوەیەکی تاك و تەنیا بووە بۆیە مێژووی ئەم نەتەوەیە هەنجن هەنجنە. بکەری دەق بەهۆشیاریەوە دێت و ئەم تەنیاییە تەوزیف دەکات و ڕەهەندی مەعریفی و مێژوویی قوڵتری پێدەبەخشێ، (هەموو ڕێیەك دەچێتەوە سەر تەنیایی... ). بۆیە دەکرێت لەم ئاستەدا پێشبینی ئەو بێهودەیی وپوچێتییە بکەین کەسەرەنجام شۆڕشەکانمان، ڕاپەڕین و یاخیبونەکانمان دەچنەوە سەر تەنیایی. لەم ئاستەشدا دەشێ بە دوو شێوە لەبەرامبەر تەنیایدا هەڵوەستە بکەین ئاستی یەکەمیان کرۆزانەوەی نەتەوەیەکە لەسەر خاچی فەنابوون و کەسێك نیە فرمێسکێکی بۆ برێژێت، ئاستی دووەمی تەنیاییش لەم قەسیدەیەدا ترسێکە کە مێژوو لەرۆحی ئینسانی کوردا دروستی کردووە بەوەی سەرەنجامی سەرجەم پرۆژەکانمان,شۆڕشەکانمان,خەونەکانمان, تەریك کەوتن و تەنیاییە ، یان بەشێوەیەکی تر مێژووی ئێمە مێژوویەکی زڕەو جگە لەتەنیایی توانای بەرهەمهێنانی مۆدێلێکی تری ژیانی نیە. هەربۆیەشاعیر بۆ درەبازبوون لەو قەدەرە دەریا پڕدەکات لەمۆم و مردن بەنوکتەیەکەوە مەشغوڵ دەکات و سروشت لەسوچی پایزدا گۆشەگیر دەکات و تا دوا هەناسە ماچی میهرەبانی سروشت دەکات و زۆر هەوڵی دی،کەدەکریت وەك –پرۆژەی سەرقاڵ کردنی دنیا ئەم دەربرینانە بخەینە روو وکە لە راستیشدا خۆحەشاردانی شاعیرە لەناو ئەو هەموو شتانەدا بە مە بەستی بینینەوەی جورێك لە ئارامی– کەچی هێشتا ئەو حیکەمەتەی پێناکوژێتەوە.

بەم دانپێدانانە خۆی لەخۆیدا شاعیر دەیەوێ ئەو حەقیقەتە تاڵە بهێنێتەوە بەر زەینمان کەسەر بەنەتەوەیەکی بێ پشت و پەنای ناو مێژووە، نەتەوەیك بەردەوام مێژوو ستەمی لێدەکات. غەمبار وەك جادوگەرێکی پیر دێت و تەنیایی خۆی لەناو تەنیایی مێژووی نەتەوەکەیداو جارێکی تر بەپێچەوانەشەوە تەنیایی نەتەوەکەی لەناو تەنیایی خۆیدا بەشێوەیەکی ئەفسوناوی تێکەڵ دەکات. لەم هاوکێشەیەشدا تەنیایی شاعیر دەکاتە تەنیایی نەتەوەکەی و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.لەم قەسیدەیەشدا ئیمکانی ئەوە نیە شاعیر لەم قەدەرە نەجات پەیدا بکات، وەك خۆی پێمان دەڵێ:

تازە من و تەنیایی بوینەتە برا!

ئەو گەورەو من بچوك

کاتێ بانگی من دەکەن ئەو وەڵام دەداتەوە

بێگومان تەنیایی کە ئەو فۆبیاو هەژمونە گەورەیەی هەبێت ئەوا ئیدی ئاساییە پانتاییەك بۆ ژیان

نەهێڵیتەوە.:

ئەی ڕۆحی پەژموردە !

ئێمە تەنیا بوین کە تیرۆر کراین

تەنیا بوین کەڕەسمی عەشقەکانیان

لەگیرفانی خوێناویمان دەرهێنا

تەنیا بووین کە  خۆمان ژمارد و

کەوێران بووین...

غەمبار وەك شاعیری نەتەوەیەك کە لەمێژوودا، خەونی تەنیاو چرای تەنیاو پەرستگاو ئاگرو ئاوی تەنیاو بەفرو گەڵاو گۆرانی و ڕێگاکانی تەنیاو شیعرو روبارو دەنگی تەنیا، هەر ئەم هەست کردنەیە بەتەنیایی دواجار دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرهەڵدانی ئیغتراب لەڕۆحی ئەم شاعیرەدا. غەمبار کاتێك بەهۆشیاریەوە بەمێژوودا دەچێتەوە ئەو حەقیقەتە دەرك پێدەکات کە کورد نەتەوەیەکە لەمێژوودا کوژراوە نەتەوەیەك کەشوێنی کوژراوە، زەمەنی کوژراوە بۆیە ئیغتراب وەك لەپانتایی شیعری غەمباردا دەردەکەوێ جگە لەوەی  برینێکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە ناو مێژوو، لەهەمانکاتدا برینێکە بەرهەمی مەعریفەو هۆشیارییەکی قوڵیشە بەرامبەر بەو مێژووە. لەم ئاستەشدا غەمبار زۆرجاران لە ئیغتیرابی شێرکۆ بێکەس نزیك دەبێتەوە ئەمەش بێگومان بەگەڕانەوە بۆ فاکتەرە مێژوویەکان.

چۆن تەنیا نەبین

کەبستێك زەمەن نەماوە تیایدا بمرین

کە پایزێك نەماوە بەسەر رۆحماندا بڕژێت و

کە گەڵای ڕوانین نەماوە شەونمی نیگاو

دڵۆپەکانی یەقینی تێدا حەشار بدەین

ئاخر چۆن تەنیا نەبین

چۆن نەوەرێین...!!

وەك ئاماژەمان پێدا تەنیایی لەبونیاتی شیعری (غەمبار)دا رۆڵی سەرەکی دەبینێت،کەم دەقی ئەم شاعیرە هەیە تەنیایی وەك مۆتیڤێك لەچنینی وێنە شیعریەکاندا ئامادەی نەبێت، بەشێوەیك ئەم مۆتیڤی تەنیاییە کەلەشیعری ئەم شاعیرەدا بەرجەستە و هەستپێکراوە تا ئەو ئاستەی کە تەنیایی بوەتە خەمێکی

گەورەو تارماییەکی گەورەو دواتریش ترس و فۆبیایەکی گەورە، کە شاعیر هەرچی دەکات لەبازنەی ئەو فۆبیایە قوتاری نابێت.

بمنوسەوە هە تا شمشێری تەنیایی نەیبڕیوم

هەتا نەبووم بە خۆڵەمێش...

تەنیایی ئاوێنەکانمی پڕکردووە لە ڕەسمی خۆی

تەنیایی هەموو شەوێك لەباخچەکەمدا بەدزی شیعرەوە

دەست ئەخاتە مەمکی گوڵەکانەوە

یان:

تەنیایی هەموو بەیانیەك لەگەڵمدادێتە ژێر دوشی حەمامەکە

تەنیایی ئەو قاچاخچیە دەست بڕەیە هەموو مرواری تەمەنم ئەدزێ

بۆئەوەیسەفەرم پێ بکا.

تەنیایی ڕێگەوبانەکانی ژیانمی بە وردە شوشە چاندووە

تەنیایی وا هەڵکات، بەم نەغمەیە بخوێنێ

ئەمکوژێ تەنیایی...

تەواو ئەکا تەنیایی...!

ترس لەتەنیایی و ڕاکردن لەتەنیایی لەشیعری غەمباردا فەزایەکی سایکۆلۆژی ئەوتۆی وایان خولقاندووە کەتەنیایی وەك سێبەرەکەی لەڕۆحی نابێتەوەو ئەمەش دواجار دەبێتە یەکێك لەفاکتەرەکانی نامۆیی لەزەمەن لەشیعری غەمباردا.چونکە گەر دیقەتی هەڵبژاردنی نازناوی (غەمبار) یش بدەین دیسانەوە وەك دالێك هەڵگری ئەو ئاماژەیە لەڕوی سایکۆلۆژییەوە دیسانەوە ئەو ڕایەمان پشت ئەستورتر دەکات کەبەو جۆرە خستمانە ڕوو. نامۆیی شاعیر ڕەگ و ڕیشاڵەکانی دەچنەوە سەر سەرزەمینی نیشتمان، نازناوی غەمبار وەك تەخەلوسی شیعری بۆ خۆی لەو دەرونە حەسرەتبارو غەمزەدەیەوە سەرچاوە دەکرێت کە خۆی لەوانی جودا کردوتەوە، ئەوانی تر لەدیدی خۆیانەوە هەرچیەکی تر بن هەڵگری ئەو ئاماژە نەدرکاوەشن کە غەمبار لەوانی تر جیادەکاتەوە کەواتە بەهەڵەدا ناچین گەر لەدرێژەی گەڕانماندا بەدوای ئەو غەمە تەنیایەدا سەرنجەکانمان پتر ئاڕاستەی ناووەی شاعیر خۆی بکەین و لەوێدا بۆی بگەڕێین ئەگەر چی هەموو خەمێك دەشێ سەرچاوەکەی دەرەوەی خود بێت بەڵام دواجار وەك نەقشی سەر بەرد لەڕۆحی مرۆڤ جیانەبێتەوە بەڵام ئەم خەمە بەرهەمی هوشیارییە هەر چۆن دەشێ

هوشیاری خۆی خەمێکی گەورەبێت بۆ مرۆڤ ,لەقەسیدەی (مردن لە ناو هەنار)یکیشدا نامۆیی دەگاتە چڵە پۆپە بەڵام جیاوازی نامۆیی لەم دەقەدا و لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا لەوەدایە کەلەم دەقەدا هەرلەسەرەتاوە بکەری دەق خوازیاری هیچ جۆرە سازش و گەڕانەوەیك نیە بۆ ناو پانتایەکانی ژیان ئەو هەر لە ناونیشانی قەسیدەکەوە زەینی خوێنەر بەرەو هەرێمەکانی مردن ئاڕاستە دەکات و بەشێوەیەك کە خوێنەر تا تەواوکردنی قەسیدەکە پێ بە پێ دەکاتە هاوسەفەری ئەم مردنەی خۆی. بۆیەلەدرێژەی لێکۆڵینەوەکەماندا قەسیدەی (مردن لەناو هەنارێکدا) دەکەینە دواین وێستگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەگەرچی لەژێر کاریگەری کوژرانی زەمەندا نامۆیی شاعیر بەشێوازێکی بەرجەستەتر خۆی نمایش دەکات بەڵام خاڵێکی گرنگتر لەم تێکستەدا کەشایانی ئاماژە بۆکردنە هاوکات لەگەڵ کوژرانی زەمەندا خوێنەر هەست بەمەرگی شوێنیش دەکات بەم پێیە شاعیر نەك هەر زەمەنی کوژراوە بەڵکو شوێنیش لەدەست دەدات بۆیە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە غەمبار نەفرەتی شیعرفرێی داوەتە دەرەوەی زەمان و مەکانەوە لە ئاستی نەوتراوو نادیاردا کە ئەمەیان پێویستی بەدەرفەتێکی دیکەیە بەجێی دەهێڵین بۆ توێژەران و لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە .

نامۆیی لەم قەسیدەیەدا وەك هەر لەسەرەتاوە شاعیر لەرێگەی ناونیشانی قەسیدەکەوە پێمان دەڵێ ئەو دەیەوێت مردنێکی فەنتازیانەبمرێت وەك خۆی دەڵێ (مردن لەناو هەنارێکدا)

ئەم بانگەوازە ڕۆمانسییەی شاعیر دەتوانین بە گەرانەوەیەکی سەرمەدیانە بۆ ناودڵی سروشت ناوزەد بکەین ئەم راگەیاندنەی شاعیرهەرلەسەرەتاوە دەرفەتی ئەوەمان لێ دەسێنێتەوە کەبەدوای خەونی ژیان و خەیاڵی زیندەگیدا بگەرێین، ئەم مردنە فەنتازیە بەشێوەیەك (عەقڵ ولۆژیك پەراوێز دەخات) لەو سۆنگەیەشەوە دەرفەتێك بۆ واقیع ناهێڵێتەوە. کەواتە دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین ئەگەر شاعیر نەیتوانیبێ یان نەیویستبێ جوان بژی ئەوا ئیختیاری مردن لەدەست خودی شاعیردایە و نایەوێ مردنێکی ئاسایی وەك مردنی هەرمرۆڤێکی تر بمرێ ئەمەش دەبێتە ئەو بونیادە ئیستاتیکیەی کەسەرجەم قەسیدەکە دەخاتە ژێر ئەفسون و سیحری خۆیەوە،ئەگەرچی لەم پرۆسەیەداپەشیمانی شاعیر ئەو پنتە گریمانکراو و چاوەروانکراوەیە کەدەشێ هەر موسافیرو کۆچبەرێك ئەگەر بۆساتێکی کەمیش بووە لە پەنایدا ئۆقرە بگرێ ، پەشیمانی لەغوربەتدا ئەو چرکەساتە سەرهەڵدەدات کە مرۆڤی تاراوگەو نامۆ لە پەیوەندی نێوان ئێرەو ئەوێدا بەرهەمی دەهێنێ،ئەوێ نیشتمانێکی نامۆ و بێگانەیە، کەلتورێکە هیچ شتێکی بە ئەمی تاراوگە بوو ئاشنا نییە،لەم هەلومەرجەشدا ئەو هەستە لەلای تاك سەرهەڵدەدات کەدابراوە لەزۆرشت کە چوارچێوەی شوناس و بە مرۆڤ بوونی (ئەمی) دیاری دەکرد، هەنوکە لەناو

پانتایەکی پڕ لەبۆشایدایە، یان لەناو هیچ دا دەژی لەم دۆخەشدا نوستالۆژیا ئەو تاکە فریاد رەسەیە کە مرۆڤ لەرێگەی یادو بیرەوەریەکانیەوە دەگەیەنێتەوە بەنیشتما ن و بۆ منالّی و بۆ سەر زەمینی یادگارییەکانی، بێگومان تاراوگەو نامۆیی کاتێك دەگاتە دواهەمین پلەکانی خۆی کاتێك ئەو هەست و سۆزە دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی، بۆ دەربرین و گوزارشت کردن زمان دەکاتە پردی پەرینەوە لە تاراوگەوە بۆ نیشتمان، هەرچەندە ئەزمونی نامۆیی جەمال غەمباری شاعیر گەر بۆ ریشاڵە سەرەتاییەکانی بگەرێینەوە شاعیر لە نیشتمانی خۆشیدا جۆرێك لەنامۆیی بە شیعرەکانیەوە دیارە، بەواتایەکی تر سەرهەڵدانی هەستی نامۆیی لای (غەمبار) لەپەرینەوەو تێپەراندنی خاڵێکی جوگرافییەوە سەرهەڵنادات بەڵکو ئەم غوربەتە وەك رەگ و ریشەی لەناو خودی شاعیردایە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە هەر لەسەرەتای نوسینەوە سێبەری نامۆیی بە شیعرەکانیەوە دەبینرێت، بۆیە دەکرێ لەئاست نامۆیی غەمباردا وردتر و زۆرتر هەڵوێستە بکەین نامۆیی ئەم شاعیرە تەنها دیوێکی نییە و گەلێك لق و پۆپی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە غەمبار ئەگەرچی لەناو نیشتمانی خۆیدا و لە ژینگەی تایبەتی خۆیدا بوو بەر لەسەفەر بەڵام لێرەش نامۆیی ،فاسیلەیەك دەخاتە نێو ژیانی تایبەتی شاعیرو ئەوانی دی، دابرانێك گەرلەروی سۆسیۆسایکۆلۆژییەوەبخوێنینەوە ئەوا دەکرێ بەنامۆیی کۆمەڵایەتی ناوزەدی بکەین،لەگەڵ ئەوەی کە شاعیر ژیانی تایبەتی خۆی ژیاوە و لە ناوەندێکدا دەنگ و رەنگێکی هەبووە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نەگەیشتبونە رادەی گۆشەگیری و دورە پەرێزی لە ئەوانی تر بەڵام ئەم هەستی نامۆییە لە ناو خودی شاعیردا زۆر جاران دەگاتە رادەی ناکۆکیەکی بەرچاو،کاتێك ئەزمونی شیعری (غەمبار) باڵادەکات و تاقی کردنەوەی ئەم شاعیرە پێ دەنێتە قۆناغێکی پێگەیشتوو ترو گەشە کردووترەوە ئەم نامۆیی یە پتر پەرە دەسێنێ و لە شیعری (غەمباردا) دەبێتە سایەو سێبەرێکی وەها کە کەم شیعری ئەم شاعیرە هەیە ئەو تارماییەی بەسەرەوە نەبێت هەستی نامۆیی لەلای شاعیر لەو ساتە وەختەوە سەرهەڵدەدات کە تەنیایی ناوزاتی ئەم شاعیرە تادێت فراوانترو قوڵ ترو کوشندەتر دەبێ، تەنیایی لە پرۆسەی شیعری و داهێنانی غەمباردا رۆڵێکی ئێجگار گرنگ و ناوازەی بینیوە، غەمبار شاعیرێکە هەمیشە تەنیاو بەردەوامیش لە تەنیایی هەڵدێ ،تەنیایی ئەو هەستە کوشندەو ئازاراویەی کە شاعیری ناچاری سەفەرو تاراوگە کرد، لەوێش بە جۆر و گرو وپلەیەکی زۆرترەوە یەخەی دەگرێ و تاوای لێدێ لەقەسیدەی (مردن لەناو هەنارێکدا) دواین وەسیەت و تەمەنناکانی شاعیر ئەوەیە کەمرد نەهێڵن تەنیایی پێ ی بزانێ لەناو هەنارێکا بیشارینەوە .

شاعیر ناراستەوخۆ و لەئاستی نەوتراودا پێمان دەڵی گەرچی لە ژیاندا لەدەست تەنیایی دەربازم

نەبوو، تکایە با لەمردندا تەنیایی پێ ی نەزانێ، مردن بەدزی تەنیاییەوە بۆ قەرەبوکردنەوەی ژیانێکە کە تەنیایی تان و پۆی کێشابوو، هەربەم شێوەیە پردی بەستنەوەی شاعیرو ئەوانی دیکە لە هیچ پنتێکی واقیعی دا مەیسەر نابێ، مەگەر تەنها لە ڕێگەی زمانەوە ئەم بەیەك گەیشتن و پەیوەندییە بەرقەراربێت ،کەتەنیایی دەبێتە ئەو تارمایە بەرفراوانە کەشاعیر بەمردنیش ترسی ئەوەی هەیە لێ ی دەرباز نەبێ، ئیدی مەگەر لەناو زماندا پێکەوەبون و بەستنەوەی پەیوەندیەکان دەرفەتێکی بۆ برەخسێ وە ئاهێك بە بەرشاعیردا بێتەوە ...

قەسیدەی مردن لەناو هەنارێکدا...بە دیوێکدا هەولێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی شاعیرە بۆ راکردن و خۆدزینەوە لەتەنیایی، مردن لەناو هەنارێکدا گەرانەوەیە بۆ ناودلی سروشت، گەرانەوەیەکی رۆمانسیانەیە بۆ شوێنێك کە تیایدا مەودایەك نەبێ بۆ تەنیایی و هەموو شتەکان لە هارمۆنیەتێکی ئەفسوناویدا بێت، تەنیایی کەشاعیر ناچاری مردن دەکات نەك ژیان لەودیدە بێ ئومێدی و رەش بینیەوە سەرچاوەدەگرێ, کە تەنیایی قەدەری مرۆڤەو مرۆڤ هەرچییەك بکات و هەر هەولێکی کە دەیدات بۆ راکردنە لەو تەنیاییە, لێرەشەوە مەسەلەیەکی گرنگی فەلسەفی و سایکۆلۆژی سەر هەڵدەدات کە مرۆڤ بۆ رەواندنەوەی ئەو ترس و دڵەراوکێ و نیگەرانیانەی خۆی، بۆ هەڵهاتن لەتەنیایی ناوزاتی خۆی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوری خۆی بە خێزان و خێڵ و حیزب کۆمەڵگاو تەنانەت بە مەسەلەی پەیوەستەگی مرۆڤ بەخواوەندەوە رێکدەخات، ئەوە ترسە لەتەنیایی کەوامان لێدەکات ببینە کۆیلەی خێڵ،حیزب،کۆمەڵگاو داب و نەریتەکان گەر ترسی پەراوێز خستن و فەرامۆش کردن نەبێ لەناو کونجی تەنیایی و لەپەراوێزی ژیانی کۆمەلایەتیدا ئەوا مردنی ناو هەنارێك بەدزی تەنیایەوە خۆشتر نەدەبوو لە راکشانی نێو بەلەمی مەنفا –گەربشێت ئەم تەعبیرە لەشاعیر بخوازین – تاراوگە کە نامۆیی تیایدا دەگاتە چلەو پۆپە و ناکۆکییەکانی ژیانی شاعیر دتەقێنێتەوە، بێگومان لەزۆر حاڵەتدا پەشیمانی دێنێتە بەرهەم:

(ئێوارەیەك لەکەناری پەشیمانی دانیشتبووم)

دانیشتن لە کەناری پەشیمانیدا.. بەدیوەکەی دیکەی دا خۆزگەی گەرانەوەی شاعیرە بۆ نیشتمان، لەم بارەشدا ئەزموونی تاراوگەی غەمبار نزیك دەبێتەوە لەوئەزموونەی تاراوگە کە –نالی– سەرەتاکانی رەنگرێژ کرد..

سەرچاوەکان:

*با هەمیشە لەوێ بین لای عەشق (جەمال غەمبار)

*چەمکی مرۆڤ لای مارکس (ئەریك فرۆم)

*کۆمەڵگای تەندروست(ئەریك فرۆم)

*ازخود بیکانکی در نڤری مارکس

*الاغتراب والحڤاره (عزیز سید جاسم)

* کریز از تنهایی (اریك فرۆم)

*تاملات فی الانسان (رجا نقاش)